# دوو نامە

**ئا: سەرنووسەر**

**نامەی یەکەم**

**نامەیـەک لـە (جەمـال شـاربازێڕی)یەوە بـۆ د. کامیـل بەسـیر**

**سلێمانی**

**٩٦٨/٣/١٧ (١)**

برای گەورە و بەنرخم مامۆستا کامل پێشکەش.

هەموو کاتێکی ژیانتان بەشادی..

لە هەستێکی پاکەوە گەرمترین سـەڵاوی دڵسـۆزانە، دەستەکانت تێر ئەگوشم و(ە) هیـوادارم لـە یەزدانی مـەزن کـە هەمیشـە لـە شـادی و لەشسـاغیدا ژیانـی کامەرانی بەرنـە سـەر.

بـرا گیـان.. جەژنـە پیرۆزەکەتـم پێگەیشـت، زۆر شـادمان بـووم، هیـوادارم ئێـوەش بەشـادی جەژنتـان بردبێتـە سـەر، هەمـوو سـاڵێ بەخۆشـی لەگـەڵ جەژنـە گەورەکانـدا و نـەورۆز بـە پیـرۆزی بگەڕێتــەوە.

مامۆسـتام: هاتـم بۆ بەغدا و زۆریش بـە عەزرەتەوە بـووم بتبینـم، بـەڵام بەداخـەوە ڕێـک نەکـەوت، هەواڵتم لـە کاک کەمـال (١) پرسـی.. هاتبـووم بـۆ ئـەوەی کارێکـی تـر بدۆزمـەوە، خـۆم لـە کارگـە (٢) ڕزگار کـەم، بـەڵام سـەری نەگـرت و(ە) مـن لـە دوێنێـوە بـە مانـا (٣/١٦)ــەوە دەوام ئەکەمـەوە لـە کارگـە و(ە) هـەر دوێنێـش کارتەکـەم پێگەیشـت، هەرچەنـدە دەمێک بـوو گەیشـتبوو، بـەڵام خـۆم حـازر نەبووبـووم.

بـرا گیـان: نووسـیبووت حەیاتـی خۆتـم بـۆ بنووسـە بـۆ باسـکردن لـە ئێسـتگە، گیانەکـەم چ پێویسـت بـەو زەحمەتـە ئـەکات باسـم بکـەی، یان مـن کـەی گەیشـتوومەتە ئـەو پلەیـە کـە شـایان بـم، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر سوپاسـی تەشـجیعت ئەکـەم، بـەڵام ئایـا هیـچ سـەرچاوەت لایـە، دەفتەرێکـم لـە وەزارەتـی ئیرشـادەوە، لەگـەڵ خـۆم هێنابـووم، وا هـەر ماوەتـەوە لـەوێ و(ە) چاپکـراوە کۆنەکانیشـم بـڕوا بکـە یـەک دانـەم لا نەمـاوە و دەسـتم ناکـەوێ، بـەڵام بـەزۆری لـە ڕۆژنامەکانـدا شـتم کاتـی خـۆی بڵاوکردۆتـەوە، ئەگـەر لاتـان هەبـن و(ە) لـە کتێبەکـەی دووهـەم دیوانـا (بەسـتەی مەبەسـت)، ئـەوە کورتەیەکـی ژیانمـی تیایـە لـە چەنـد دێڕێـکا.

لەگـەڵ ئەوەشـدا فەرمـوو ئەمـە چەنـد دێڕێکـی تـر.

تەمـەن.. لەدایک بـوون ١٩٤١، لـە گونـدی (واژە)(ی) سـەر بـە قـەزای شـاربازێڕی لیـوای سـلێمانی، خوێندنی سـەرەتاییم هـەر لە چوارتـا تەواوکردووە، سـاڵی ٩٥٤ (١)

– ٩٥٥ (١)م، دوای ئەو ساڵە چوومە قوتابخانەی پیشەسازی (صناعة)وە.. بە مانا ٩٥٥ (١) – ٩٥٦ (١) تا ٩٦٠ (١) – ٩٦١ (١)م لە سلێمانی و بەغدا تەواو کرد. دوای دەرچوون کراین بە موعەلیم بۆ ماوەی ساڵێک، پێش تەواوکردنی ساڵەکە، لە کارگەی جگەرە دامەزرام، تا ئێستاش هەر لەوێم، بەڵام زۆر ئیشەکەم قورسە، وەکوو کرێکارێک ٨ سەعات دەوام ئەکەم لەسەر مەکینە، ئینجا گرمە و تەپوتۆز (و) ئیزعاجم ئەکات کە هیچ ناگونجێ لەگەڵ ئیلهام و شیعرا و(ە) مەسئوولیشم بە ژیاندنی خێزانێکی زۆر، ناچارم کە قبووڵی بکەم.

لە ئینتاجا (٢) کۆمەڵە شیعرم چاپ کردووە تا ئێستا (کسپە و سۆز)، ساڵی ٩٥٩ (١) کە قوتابی بووم، (بەستەی مەبەست) ساڵی ٩٦١ (١) دوای دەرچوون لەسەر ئەرکی برادەران. دوای ئەو کیتابانەش تا ڕۆژنامەی ژین هەبوو، لە زۆرترینی ژمارەکانیا شیعرم تیا (م) ئەنووسی، لای خۆشم زۆرم هەیە کە بڵاونەکراوەتەوە لە ڕۆژنامەدا.

لەو دەفتەرەدا کە لە ڕەقابەیە کۆمەڵێکی تیایە کە بڵاونەکراونەتەوە، دوای ئەمە چیرۆکێکی شیعریم هەیە هێشتا تەواو نەبووە، لەبەر هەندێ هۆ، چونکە ئەو سەربەستییە نییە خۆم چۆنم ئەوێ وا بێ، هەر ٢ دەفتەری ١٠٠ پەڕەییە و لێم زیاد نەکردووە، ناچارم ئەبێ بیگۆڕم و بیکەم بە ڕێوایەتێک خەیاڵی بێ، لە واقیعی خۆم دووری بخەمەوە، چونکە ئەو چیرۆکە باسی خۆشەویستی و دڵداری- ڕووداوی خۆم ئەکات لەگەڵ ئەوەی لە دەستم دەرچوو، ئێوە خۆش بن.


(وە) ناوی (من و پەری)یە، ئەبێ بیکەم بە شتێکی تر.

**مامۆستا گیان ئیتر خۆشیت بە ئاوات دەخوازم**

**ئیمزا**

**برات ج. ش**

زۆر هەواڵی برادەران ئەپرسم و ئیحتراماتی برایانەم بۆ براژنم، و(ە) هەروەها دایکت و برا و کەسەکانت.



**(١) کەمال: نەمزانی کام کەمال ناوەی مەبەستە تا ژیاننامەکەی بنووسم.**

**(٢) کارگە: مەبەستی کارگەی جگەرەیە کە ساڵانێکی زۆر لەو کارگەیەدا مایەوە.**

## نامەی دووەم

## نامەیەکی حەسیب قەرەداخی بۆ د. کامیل بەسیر

لە دێی (سۆڵە)ی سەر بە ناوچەی قەرەداخ لە پارێزگای سلێمانی، لە هاوینی ١٩٣١دا لە دایک بووم، خانەوادەم ئایینی بوو، لە بنەماڵەی مەردۆخییەکانی قەرەداخ. باوکم مەلا، شیعر دۆست

و فارسیزان بوو، زۆربەی زۆری شیعرەکانی سەعدی و حافظ و شەمس و کەلیمی لەبەربوون لەگەڵ مەسنەوی مەولانای ڕۆمی و زۆریش لە شیعرەکانی نالی و کوردی و شێخ ڕەزا.

ئەم باوکە فێری خۆندەواری کردم، بە شیعر گۆشی کردم لەسەر بێشکەی خوێندن. لە دێکەماندا کە خۆی مەڵبەندی دەروێشان و عاشقانی ڕێگەی خواناسی و دەروێشی بوو، ناو بە ناویش بە مەلای چاک و کۆڕی فەقێیان گەرم دەبوو، شێخ عەبدولقادری قەمچی ڕەش کە پیری مریدان بوو، خۆیشی حەزی بە هاودەمی گۆینده و دەنگ خۆشان هەبوو، کەسێکی ئێجگار بەهەیبەت و کوردپەروەر بوو، خاوەنی هەستی هەندەسی بوو، مزگەوت و تەکێکەی لە جوانترین شێوەی ئەوکات و زەمانەدا دروست کردبوو. لەو دێیەدا خەلیفە حەمە غەریب هەبوو، پیاوێکی تەرپۆش، دڵتەڕ، دەنگ خۆش، نیمچە خوێندەوار، دەفژەنێکی هونەرمەند بوو، ئەم پیاوە باوکی شیریم بوو، زۆر هۆگری بووم، هەمیشە دیوانی نالی و مصباح و وەفایی و تاهیر بەگی هەبوو، زۆری ئەم شیعرانەی لەبەر بوو، بە دەنگی خۆش لەگەڵ دەف ژەندندا ئەی وتن، بەڵام چۆن وتنی!. من ئا لێرەوە بووم بە شیعرباز، بەڵێ شیعرباز، چونکە ئەوکاتە ئەوەندە هۆشم نەکرابۆوە کە شیعر بنووسم، ئەم شیعر دۆستییەم هەر لەسەردا مابوو، هەتا لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قەرەداخ خۆیدا تەواو کرد، با ئەوەیشم لەبیر نەچێ کە هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم مامۆستایەک بۆ یەکەم جار گۆڤاری گەلاوێژی دامێ، ئێستەیش لەبیرمە کە ئەو هەڵبەستەی (بێکەس)ی تێدا بوو ئەڵێ: نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە...هتد، (وە) هەمان مامۆستایش بۆ هەوەڵ جار گۆڤاری ئازادی دامێ، ئەویش یەک دوو پارچە هەڵبەستی تێدابوو)، (من هەر بەم خولیایەوە بووم دەستم کرد بە هۆنراوەدانان، باش و خراپ، هەندێکیانم بۆ خەڵک ئەخوێندەوە، بۆ هەندێکیان ڕەزامەند و هاندان هەبوو، بۆ هەندێکیشیان نەء. (پلەی خوێندەواریم سەرکەوت، لە قوتابخانەی ناوەندیدا کتێبم دەست ئەکەوت و دەمخوێندنەوە، فێری عەرەبییەکی باش بووبووم، چونکە بنەمام لە فەقێیەتییەوە هەڵبەستبوو، لەو ڕۆژانەدا شیعری بێکەس و قانع و ا.ب. هەوری (و) زێوەر، بەسەر دەمی خەڵکەوە بوون، واتە ٩٤٥ (١) — ٩٥٠ (١)، منیش وەک ظاهیرەی سەردەم کەوتمە شیعر وتن، بەلاسایی کردنەوەی ئەم زاتانە لە شێوەدا و لە ناوەڕۆکا زۆربەیان سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئینجا بە (گۆران)ی نەمر ئاشنا بووم، بەهۆی گەلاوێژ و دوای گەلاوێژ بەهۆی دەستاودەستی شیعرەکانی، ئینجا ڕۆژنامەی ژین (وە) بۆ یەکەم جار لە ژیانما شیعرم لە (ژین)دا لە زەمانی (گۆران)دا بڵاوکرایەوە، بە مۆری ح . ق.

ئیتر ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی هەتا دوای شۆڕشی تەمموز شیعرم بوو بە هۆنراوەی وشەی زەق و دەستەویەخە و دروشم داڕشتن، هەتا ٦٤ (١٩) و بەندیخانەی نوگرە، لێرەوە من خۆم و شیعرم و هەستم و هۆشم، هەموو گۆڕانمان بەسەرا هات، لێرەوە ڕێگەی خۆم چەسپاند، شەخسیەتی شیعری خۆم چەسپاند، ئاڵای خۆم هەڵکرد (و) بووم بە حەسیب قەرەداخی و چاوی چاو لێ کەریم قەپات کرد)، (بەڵام ئەوەی شیاوی باسە، من لەبەر ئەوەی خۆم بێ دەست و ژیان بە ئاشووب و کوێرەوەری بووم، نەمتوانی هەتا ئەم ساڵانەی دواییش کە کۆمەڵە شیعرێ، یا دیوانێ

بڵاوبکەمـەوە، خـوا سـەلامەتیان کات ڕەخنەگـران و دیراسەنووسـان و ئوتروحەبێژەکانیشـمان منـی فەقیـر و هەژاریـان بـە خەیاڵـدا نەهـات و نـە لـە (کتێبـی) کاروانـی شـیعری کـوردی کاکـەی فەلـلاح و نـە لـە واقیعیە (تە)کـە (ی) د. عیزەددیـن و نـە لـە هیـچ لایەکـی تریشـەوە ناومـان بـە چاکـە و خراپـە نەبـرا، کـە ئەمەیـش نـاڕەوا و نادروسـتە، چونکـە ئـەو شـاعیرانەی کاکـەی فەلـلاح ڕیـزی کـردوون لـە کتێبەکەیـدا- (گـۆران)ی- لـێ بـە دەر، لـە هەموویـان خـۆم بـە شـاعیرتر ئەزانـم، بـە کەمتـر نازانـم، هیچیشـیان ڕێیـان بـە مـن نەبڕیـوە و جێشـیان نەهێشـتووم، هەتـا ئـەو سـاتەیش. ئـەوەی کـە لەسـەر شـیعری مـن نووسـرابێ زنجیـرە وتارێکـی شـێرکۆی شـاعیرە (شـێرکۆ بێکـەس) لـە (ڕۆژنامـەی) (برایـی)دا و وتارێکـی ڕۆشـنبیری وریـا کەمـال میراودەلـی لەسـەر فەرهەنگـی خـەم و وتارێکـی بەڕێـز کەمـال خەمبـارە لەسـەر فەرهەنگـی خـەم لـە (گۆڤـاری) (بەیـان)دا.

دنیـای تایبەتـی خـۆم لـەو شـیعرەمەوە دەسـت پـێ ئـەکات کـە لـە نوگـرەدا نووسـیم «ئـەی ڕۆژ» کـە لەوکاتـەدا لەلایـەن ئەدیـب و زانـا و هونەرمەنـد و ڕۆشـنبیرەکانی بەنـد کـراوەوە بـوو بـە هەوێنـی بـاس و خـواس و لێکۆڵینـەوە، چونکـە بـۆ عەرەبیـش وەرگێـڕرا، ئینجـا وەرە بـۆ «چیرۆکـی عیسـا» و «مەلـی نـاو داو» کـە هەنـدێ کـەس لێـرەوە دنیـای تایبەتـی مـن دەسـت نیشـان دەکەن و جـار جاریـش ئەڵێـن تـۆ ڕوانگـە بـووی، ئـەی کـوا، ئـەی بۆچـی بـە ڕوانگەیـش باسـتان نەکـردم!

